# به گشت ڕەنگەکانەوە دواجار ئێمە کوردین!،

**بەختیار مام حەمید..**

**(جەماوەری ناڕازی،حکومەتی هەرێم،ئۆپۆزسیۆن،ڕەخنەگرانی سەربەخۆ..هەموو کوردن و کوردستانین! ئیتر جەنگ و یەکسڕینەوە لە پای چی؟!)**

جەماوەری چەوساوەو بەشخوراوی کوردستان..گەل و خەڵکی ناڕازیی و سەرهەڵدەری باشور،دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی کورد،ئۆپۆزسیۆن و لایەنە دژە حکومەتییەکان،هەر چەندە گەندەڵیی و نادادی و دزی و جەردەیی سیستەمی فەرمانڕەوایی باشوری وەڵاتی تەنیوە،هەر چەندە نایەکسانیی بەرپا بووەو بە ڕوونی دوو چین لە کۆمەڵگای کوردیدا کە چینی باڵاو چینی خوارەوەیە بەدی دەکریێت!،هەرچەندە هەندێك هێشتا لە دایك نەبوون و نەهاتونەتە ژیانەوە بەڵام دوو مۆنیکاو خانویەکی بچوکی ٤مەتریی دووقات و هەموو پێویستیەکانی ژیانی بۆ ئامادەکراوەو هەندێکیش تا دەمریێت بە ئاواتی سەیرانێکەوەیە بە ئۆتۆمبێلی خۆی و بۆی ناکریێت!،هەرچەندە تاسەرئێسقان نادایی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە،هەرچەندە سەروەت و سامانی ئەم وەڵاتە وەك گۆشتی خێر لە نێوان چەند لایەندا دەبەشدەکریێت، بەڵام ئەمانە ناکاتە ئەوەی کە ئەم حکومەتە هیچی نەکردوەو دەبێت بیرِوخێنین کە چەندین ساڵەو دوای حکومەتەکانی (ماد،ئەمارەتەکان،شێخ مەحموود،پێشەوا قازی موحەممەد) کوردان بە ئاواتییەوەن و هێڤیی بۆ دەخوازن،ناکاتە ئەوەی دڵی دوژمنان خۆشکەین بە دژایەتی ئەو حکومەتەی کە زەریایەك خوێنی بۆ ڕژاوە لە هەموو کوردستان و ئێستا وا خەریکە لە باشوری کوردستاندا کەم کەم بەرهەمەکەی دەڕنینەوە!،پێویستە جەماوەری ناڕازیی کورد خۆپیشاندانەکانیان نەکەنە سەنگەری دژایەتی و لە بنهاوردنی حکومەتە کوردییەکەی خۆیان کە حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستانەو بە هەموو ناعەدالەتییەکانیەوە لە داگیرکەرانی کوردسیتان فرە باشترە!،دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە هەڵوەشاندنەوەو ڕوخاندنی حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان لە بەرژەوەندیی هیچ کەسدا نیە جگە لە دوژمنانی کورد.،پاشان بۆ حکومەتیش نارەزایەتی و داواکانی خەڵك و خۆپیشاندان و گلەیی جەماوەر ناکاتە ئەوەی کە دوژمنی ئەم گەلەن و دەستیان لە پشتەو تێرو پڕن بۆیە وادەکەن و بە ئاژاوەگێڕو شەقاوەو قۆڵبڕ ناوببرێن،نەخێر خەڵکی کوردستان برسین و نایەکسانیی دەبینن و ناڕوونی و گەندەڵیی و دزی و مشەخۆریی بەدی دەکەن بۆیە دڵیان پڕِ بووەو هاتونەتە سەرشەقام،بۆیە دەبێت حکومەت بێتە ناو جەماوەرو هەموو

داوخوازییەکانی خەڵك بە ڕاست و دروست و بەجێ بزانن و خۆپێشاندەرانیش بە دڵسۆزانی ئەم کۆمەڵگا بناسن!،ئۆپۆزسیۆن کە بەشێکی زیندوی ئەم کۆمەڵگان دەبێت باشترین هەوڵیان بۆ پاراستنی ئەزموون و دەستکەوتی ئەم حکومەتەو خزمەتی چینی نارازیی خەڵك بێت،نووسەران و ڕۆشنبیرانیش ئەرکی سەرشانیانە ڕۆڵی ناوبژیوان و ئاشتیخوازیی بگێرن و هەوڵی ئارامکردنەوەی دۆخی کوردستان بدەن،پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش و هەموو سەربازەکانژی پێویستە ڕووی چەکەکانیان بکەنە دوژمن و پشت بکەنە جەماوەرە کوردستان،لە کۆتاییدا پێوستە هەموومان ڕەخنە بگرین و هەوڵی باشکردنی وەڵاتەکەمان بدەین و دوژمن بە خۆمان خۆشنەکەین و جارێکی تر شەڕی خۆکوژیی حەرام و مەحکوم بکەین،وە هەوڵ بدەین باشوری کوردستان بکەینە ناوەندێکی ئارام بۆ کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و لە بری ئەوەی وەك میوان و ئاوارە سەبریان کەین،وەك خاوەن ماڵ و خوشك و برا تواشایان کەین، **هەموومان دەست لە ناو دەست هێز لە خودا بێ جیاوازیی پێکەوە وەڵاتمان پێشبخەین و چاکسازیی ڕیشەیی بەجێ بکەین و هەموومان بە یەکدەنگ بیژین.. بژی یەکێتیی نەتەوەیی کورد لە گشت پارچەکان، بژی چاکسازی،یەکسانی،ئاشتی،ئازادی..**

**(خوایە.. وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیرو شیرینە)**

**تێبینی:ئەڤ بابەتە لە ژمارە ٦٤٩ی ڕۆژی ١٢-٤-٢٠١١ی ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی،بڵاوبوەتەوە..**